حکومەتی عێراق سەرکەنەی تەقینەوەکانی ئێران دەکات

وتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند، سەرکەنەی ئەو کردەوە تیرۆرستییە دەکەن کە لە شاری کرمانی ئێرانی رویدا، حکومەتی عێراق ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بە هاوکاریکردنی ئێران بە هەمو شێوەیەک، تاوەکو ئازاری ئەو کردەوە تیرۆرستییە ترسنەکانەیە کەمبکاتەوە.

باسم عەوادی وتەبێژی حکومەتی عێراق لە راگەیەنراوەکدا بڵاویکردەوە، سەرکەنەی ئەو کردەو تیرۆررستییە دەکەن کە لە شاری کرمانی ئێرانی ئینجامدرا و بەهێوە ژمارەیەک هاوڵاتی کوژران یاخود بریندار بون.

وتەبێژی حکومەتی عێراق ئاماژەی بەوەشکردوە، عێراق هەماهەنگی حکومەت و گەلەکەی بە ئێران دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو روداوە ئازاربخش، هەروەها ئامادەیی خۆیان بە هەمو جۆرەک هاوکارییەک دەخەنەو، کە هاوکار بێت لە کەمکردنەوەی ئازاری ئەو کردەوە تیرۆرستییە ترسنەکانەیە.